# ڕیشەی مێژوویی ناوی هەڵەبجە و پەرەسەندنی بەپێی تۆمارە مێژووییەکان

م.ی عادل صديق علی
زانكۆی هەڵەبجە/كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان

## پێشەكی

قەدەری گەلی کورد وەهابووە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی مادەوە نەیتوانیوە دەوڵەتێکی یەکگرتوو دروست بکات، کە تەواوی خاکی کوردستان بخاتە بن کۆنترۆڵی خۆیەوە، لێرەوە سەرەتای زۆربەی کێشەکان دەست پێ دەکەن، لە نەبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردیدا لێکەوتە نەرێنییەکان لەسەر گەلی کورد و خاکەکەی هێندە زۆرن لە ئەژمار نایەن، یەکێك لەو بابەتانەش ساغ نەبوونەوەی یاخود نەبوونی زانیارییە لەسەر بەشێکی هەرە گەورەی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووی کورد وەك نەتەوە و کوردستان وەك خاکەکەی، ئەوەی هەیە لەسەر ڕووداو و گۆڕانکارییە مێژووییەکان وەك پێویست نیە و ناتوانن تینوێتی توێژەر بشکێنن لە دەرخستنی گۆڕانکاریی و ڕاستییە مێژووییەکان. هەندێك جار ئەو زانیاریانە لە ئاستی نەبوودان یاخود زۆر کرچ و کاڵن و زۆر لایەنی گرنگی بابەتەکان کە جێگەی پرسیارن بێ وەڵام ماونەتەوە، ڕوونتر بڵێین لەلایەك کورد خۆی بە حوکمی فاکتەرە خودییەکانی نەیتوانیوە وەك پێویست ئاوڕ لە مێژوو و فەرهەنگ و شارستانییەتی خۆی بداتەوە و ڕووداوە مێژووییەکانی خۆی تۆمار بکات و لە فەوتان بیانپارێزێت، لەلایەکی دیکەشەوە داگیرکەران یان نەیانویستووە یاخود بە هەڵە و کەموکورییەکی زۆرەوە و بەوشێوەیەی کە خۆیان ویستوویانە ڕووداوەکانی کوردستانیان تۆمار کردووە، هەموو ئەوانەش وایان کردووە کە پانتاییەکی گەورەی مێژووی ئەم گەلە بە نادریاری بمێنێتەوە و نەتوانرێت دەمیان لێ بکوترێت و زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەریان نەبێت.

یەکێك لەو بابەتانە بریتییە لە نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر مێژووی شارەکانی کوردستان و مێژووی پەرەسەندن و هەڵکشان و داکشانیان لە ڕابردووی دوورو نزیکیاندا، هۆکار و دەرەنجامەکانی ئەو ڕووداو و گۆڕانکاریانەی کە لە ڕەوتی مێژوویی دوورودرێژی خۆیاندا بەسەریاندا هاتووە، خۆ ئەگەر بهاتبا و لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا خەڵکانێك بە هۆکاری جیاواز لە ڕێگەی نوسینەکانیانەوە قسەیان لە گۆڕانکارییەکانی مێژووی کورد و کوردستان تۆمار کردبا ئەوکات ئێمە دەمانتوانی پێ بەپێی قۆناغە مێژووییەکان هەڵوێستە لەسەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکان بکەین، وەلێ نەکرا و نەنوسرا، گرفتەکە لێرەوە دەستپێدەکات، ئەمڕۆ توێژەری کورد ناچارە بۆ دەستخستنی بڕێکی کەم زانیاری ئەگەر دروستیش بن تەمەن و توانا و ماندووبوونێکی زۆر بە خەرج بدات تابتوانێت کەمترین زانیاری لەسەر زۆر لایەن و بەشی مێژووی گەلەکەی بخاتە بەردەست خوێنەران، لەکاتێکدا گەلانی خاوەن دەوڵەت بەتایبەتی پێشکەوتووەکانیان ئەم جۆرە کێشە و گرفتەیان یان نیە یاخود زۆرکەمە.

گرفتەکە هەر شوێنەوار و مێژووی کۆنی ئەم گەلە نییە، بەڵکو بەتوندی دامەنی مێژووی نوێ و هاوچەرخیشی گرتووە و ساخکردنەوەی ڕووی ڕاستییە مێژووییەکانی زۆر زەحمەت و ئەستەم کردووە.

هەڵەبجەی ئەمڕۆ کە مێژووی بنیاتنانەوەی خۆی دەدات لە زیاتر لە سێ سەدە، لە مێژوودا و لە نوسراوە فەرمی و نافەرمییەکاندا بە چەندین شێوە ناوی هاتووە، ڕوونتر بڵێین ئەوەی کە ناوی هەڵەبجە لە چییەوە هاتووە و کێ ئەم ناوەی لێناوە و پەرەسەندنی ناوەکەی لە ڕابردوودا هەتا بەوشێوەی ئەمڕۆی گەیشتووە هێشتا جێگای مشتومڕێکی زۆرە و شرۆڤەی زانستیانە لەبارەیەوە ئەگەر لە حاڵەتی نەبووندا نەبێت ئەوا زۆر کەم و دەگمەنە، بێگومان شەن و کەوکردنی ئەم بابەتە بە خەڵکێکی قاڵبوو لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد و ناوچەکە و لەوەش وردتر مێژووی شارەکە دەکرێت، چونکە بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی زانستیانەی ئەم بابەتە دەبێت توێژەر سەر بەناو زۆر سەرچاوەی مێژوویدا بکات و لە زۆر بابەت کە دوور و نزیك پەیوەندییان بەم باسە گرنگەوە هەیە ورد ببێتەوە، بۆئەوەی ئاگاداری ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووی شارەکە و ناوچەکە بێت تابتوانێت لەبەر ڕۆشنایی زانیارییە مێژووییەکاندا لێکدانەوە بۆ بابەتەکە بکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە گۆڕانکارییە مێژووییەکان و پەرەسەندنی زمانی کوردییەوە هەیە، چونکە کۆی ئەو زانیاریانە یارمەتیدەرێکی زۆرباش دەبن بۆ توێژەر تا لە ڕەوتی گەشەسەندنی زمانەوانی ناوی هەڵەبجە بگات.

## ڕیشەی مێژوویی ناوی هەڵەبجە

بابەتەکە لە دەستپێکدا دوو لایەنەیە، یەکەمیان ئەوەی کە ناوی هەڵەبجە لە چییەوە هاتووە، دووەمیان پەرەسەندنی ناوەکەی بەپێی قۆناغە مێژووییەکان هەتا بەمشێوەی ئەمڕۆی گەیشتووە. بۆیە بابەتەکە لێمان لزووم دەکات توێژینەوەکەمان لە دوو باسی ورددا بخەینە ڕوو، تا بتوانین ئەو زانیاییانەی کە لەم ڕووەوە لە بەردەستدان ڕوون و ڕاشکاو لێکبدەینەوە و شرۆڤەیان بکەین و پاشان ئەنجامگیرییەك لەسەر کۆی بابەتەکە بخەینە بەردەست:

## باسی یەکەم/ بۆچونە جیاوازەکان سەبارەت بە ناوی هەڵەبجە:

یەکەم/ هارهار: ئەمین زەکی بەگ پێی وایە (هارهار) یەکێك بووە لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی لۆلۆییەکان لە بەری ڕۆژهەڵاتییەوە، شارەکە لە جێگای ئێستای شاری هەڵەبجە یاخود لە نزیکییەوە بووە، ئەم شارە لە سەدەی (٢٨پ.ز) لەلایەن سارگۆنی پاشای ئەکەدییەوە داگیرکراوە و ناوەکەی گۆڕاوە بە (کارشارۆکین) واتە شاری سارگۆن(١). لە دواتریشدا ئاشوورییەکان چەند جارێك پەلاماری ناوچەکانی شارەزوور و هەڵەبجەیان داوە تا لە سەردەمی سارگۆنی دووەم(٧٠٥ . ٧٢٢پ.ز) شارەکە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان، ئاشوورییەکان کارشارۆکینیان کرد بە ناوەندی مەڵبەندێك کە لە کرماشانەوە هەتا هەمەدانی لەخۆدەگرت و هێزێکی زۆریشیان بۆ تەرخان کرد(٢) ، بۆیە هەندێك لەو بڕوایەدان کە ناوی هەڵەبجە لە (هارهار)ەوە هاتبێت، بەڵام ئەم بۆچونە دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە ناوی هارهار هەر زوو گۆڕاوە و کراوە بە (کارشارۆکین)(٣).

دووەم/ حللە: مەئمون بەگی میری ئەردەڵانییەکان هەر لە سەردەمی خۆیدا ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی لەنێو کوڕەکانیدا دابەشکردووە، بێگەبەگ ناوچەکانی(زەڵم، تەغسوو(نەوسوود)، شەمێران، هاوار، سیمان، ڕاودانی و گوڵعەنبەر)ی بەرکەوتووە، نابراو بۆماوەی (٤٢) ساڵ حوکمڕانی ئەم ناوچانەی کردووە.

لە دوای بێگەبەگ مەئمون بەگی کوڕی لە میرنشینی ئەردەڵاندا دەسەڵاتی وەرگرت و حوکمڕانی ناوچەکانی شارەزووری کرد، یەکێك لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئەم میرەدا بوو مەڵبەندی (حللە) بووە لە ساڵی (١٠٠٥ك/١٥٩٦ز)، سەنجەق (سرۆچك)یش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دراوە بە ئیسماعیل بەگی برای، بۆئەوەی بەڕێوەی ببات، ئەویش هەتا مردنی کاروباری ناوچەکەی بەڕێوە دەبرد(٤). محەمەد ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: سوڵتان سلێمانی قانوونی کە هاتە شارەزوور، بێگە بەگ چووە لایی و بۆ دەفعی شوبهە مەئمون بەگی کوڕی بە بارمتە لەلای دانا، سوڵتان ئەم کوڕەی تەسلیمی والی بەغداد کرد، والی مەئمون بەگی بۆ ئیمارەتی بەعزێ سنجاق نارد، ئاخیر مەئموریەتی سنجاق بەگێتی حللە بوو. لە دوای بێگە بەگ مەئمون بەگی کوڕی بوو بە حاکمی ولاتی شارەزوور، بەڵام لەگەڵ عەشایرەکەی ڕێك نەکەوت و شەڕ و نا ئەمینی ئەو ناوەی نارەحەت کرد، سوڵتان سلێمانی قانوونی، بۆ دەفعی ئەم شەڕ و شۆڕە سولتان حسەینی ئەمیری عەمادیەی لەگەڵ لەشکری بەعزێ ئومەرای تری کوردا ناردە سەر  شارەزوور، سوڵتان حسەین ئەمیر مەئمونی لە قەڵای زەڵمدا موحاصەرە کرد و لە پاشا گرتی و ناردهی بۆ ئەستەمبوڵ..... سورخابی مامی مەئمون زۆری پێنەچوو لەژێر حیمایەی شا تەهماسبدا حدودی ولاتی تەوسیع کرد و شارەزووریشی داگیر کرد.... سوڵتان سلێمان کە ئەمەی بیست ئەمیر مەئمونی لە حەپسخانە هێنایە دەرەوە و سنجاقی (حللە)ی دایە، سنجاق (سرۆچك)یشی دا بە ئیسماعیل بەگی برای......)(٥).

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی سەبارەت بە (حللە) دەڵێت:" بێگومان ئەو شاری حللەیەی کە شەرەفخان باسی دەکات ئەو حللە نیە کە لە نزیك بەغدادەوەیە و ئیبن بەتوتە دەڵێت بینیومە و نیوەی دانیشتوانەکەی کوردن، چونکە حیللە و سرۆچك هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نیە و دووریش نیە ئەوە هەڵەبجە بێت و ناوەکەی گۆڕابێت، ئەو دەمەش هەر سەر بە لیوای بەغداد بووبێت"(٦). بەڵام ئەمین زەکی بەگ پێیوایە ئەو (حللە)یە بەهەڵە لە شەرەفنامەدا هاتووە(٧). بەبڕوای ئێمەش ئەم دوو ناوچەیە زۆر دوورن لە یەکەوە و دوور و نزیك پەیوەندییان بەیەیەکەوە نییە، خۆ ئەگەر بە هەڵەش نەهاتبێت ئەوە هەر مەبەستی شاری حللەی نزیك بەغدادە.

سێیەم/ هەڵوژە: هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە ناوی هەڵەبجە لە هەڵوژەوە هاتبێت بەوپێیەی کە ناوچەکە درەختی هەڵوژەی زۆر بووە،

ناوەکە بووە بە هەڵوجە و دواتر بەتێپەڕبوونی کات بووە بە هەڵەبجە، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە کە گوندی (عەنەب) نزیك لە هەڵەبجە ناوەکەی لە (عنب)ەوە هاتووە و گوندی(بامۆك)یش ناوەکەی لە (نۆك)ەوە هاتووە(٨)، بەبۆچوونی ئێمە ئەم بۆچونە دوورە لە ڕاستییەوە.

چوارەم/ حەڵەبچە: حەڵەب . چە واتە حەڵەبی بچوك، لایەنگرانی ئەم بۆچونە دەڵێن کاتێك خەڵکی ناوچەی کرماشان بۆ بازرگانی لە ڕێگای هەڵەبجەوە بەرەو شاری حەڵەبی کرماشان ڕۆیشتوون بینیویانە کە ئاووهەوای ناوچەی هەڵەبجە لە حەڵەب دەچێت، ئەوان ناویان لێناوە (حەڵەبچە) واتە حەڵەبی بچووك(٩)، لەڕاستیدا ئەم بۆچونە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە نە لە ڕووی جوگرافی و نە لەڕووی مێژووییەوە، چونکە نێوان حەڵەب و هەڵەبجە زەوی و ئاسمانە، حەڵەب شارێکی مێژوویی هەزاران ساڵەی خاوەن پێگەیەکی جوگرافی گرنگ، بەجۆرێك بە پایتەختی ئابووری ناوچەکانی شامی کۆنی ڕابردوو ئەمڕۆی سوریاش ئەژمارکراوە و ئەکرێت، لەکاتێکدا مێژووی نوێی هەڵەبجە لە سێ سەد ساڵێك زیاتر تێپەڕناکات، (ع.ع.شەونم)یش پێیوایە ئەم بۆچونە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە(١٠)، لەلایەکی دیکەشەوە وەك دواتر باسی دەکەین بەڵگە مێژووییەکان سەبارەت بە هەڵەبجە بە هیچ شێوەیەك پشتیوانی لەم بۆچونە ناکەن.

پێنجەم/ عەجەب جا (عەجەب جێ): هەندێکی تر وای بۆ دەچن ناوی هەڵەبجە لە (عەجەب جا)وە هاتبێت، بەوپێیەی کە شوێنێکی خۆش و سەرسوڕهێنەری هەبووە، وشەکە فارسییە و بەواتای جێگای سەرسوڕهێنەر دێت، حەسەن فەهمی بەگی جافیش ئەم بۆچونەی هەیە، بەڵام جەمال بابان دەپرسێت:" عەجەبا بۆچی دەبێت جێی هەڵەبجە عەجایب بێت؟ ئایا شوێنی لەو عەجایب تر نیە؟ ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە"(١١).

ڕاستە شاری هەڵەبجە لە ڕووی جوگرافییەوە لە شوێنێکی زۆر گونجاودا هەڵکەوتووە، مێجەرسۆنیش ئەمەی گوتووە:"هەڵەبجە لەسەر زەوییەکی بەرز کە بە ئاسانی دیارە وەك باخچەیەك لە داوێنی کێوی باڵامبۆ و هەوراماندا دەردەکەوێت"(١٢)، شارەکەش لە ڕابردوودا دەیان کانی و کارێزی وەرزی و بەردەوامی تێدا بووە(١٣)، بەڵام بەشێك لەو خۆشییە وەرزی بووە، سەرباری ئەوەش گەلێك شوێنی دیکەمان هەیە لە کوردستاندا کە سرووشت و هەڵکەوتەی جوگرافییان زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشە، لەلایەکی دیکەشەوە دوای نیشتەجێبوونی پاشا و بەگزدەکانی جاف لە هەڵەبجەدا ئەو شارە بەرەو ئاوەدانی زیاتر ڕۆیشت و سیمای شاری لەخۆی گرت، وەك مێجەرسۆن دەڵێت:" لەژێر فەرمان و دەستووری عادیلەخانمدا، گوندێکی بچووکی وێرانە بوو بە شارۆچکەیەکی بچووکی ڕازاوە، کە پڕبووە لە میوانانی کورد و فارس"(١٤). لەکاتێکدا مێژووی هەڵەبجە زۆر لە مێژووی هاتن و نیشتەجێبوونی جافەکان و عادیلەخانم بۆ هەڵەبجە کۆنترە.

شەشەم/ البجە (ئەڵەبجە): بەبۆچونی حامید بەگی جاف کە خۆی یەکێك بووە لە بەگزادەکانی جاف ناوی هەڵەبجە لە (الب . جا)وە هاتووە، (جا واتە جێگا یان شوێن و بارەگا) ماناکەی دەکاتە (بارەگای ئەلب ئەرسەلان)، (الب . الب ئەرسەلان . محەمەدی کوڕی داود) نازناوی سوڵتانی گەورە (عضد الدولة) یە، کە لە نێوان ساڵانی (١٠٣٣ . ١٠٧٢ز) ناوچەکانی (هەڵەبجەی ئەمڕۆ، مەڕۆ، ئەرفەنیا، هەرات و نیساپوور) ی داگیرکردووە، بەڵگەی حامید بەگ شاری قزڵجەی نزیك (پێنجوین)ە کە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای گوڵعەنبەر بووە، بەو مانایەی ئەویش لە (قزل . جا)ەوە هاتووە، کە بەناوی (قزڵ . ئەرسەلان)ی سەلجوقییەوەیە، جەمال بابان پێیوایە ئەم ناوە لە ڕاستییەوە نزیکە(١٥)، لەڕاستیشدا شێوازی نوسینی ناوی هەڵەبجە بەمشێوەیە هەروەك لە دواتردا لەبارەیەوە دەدوێین زۆرتر پشتیوانی لەم بۆچونە دەکەن کە ناوی هەڵەبجە لە (البجە ، ئەڵەبجە)ەوە هاتبێت.

## باسی دووەم/ پەرەسەندنی ناوی هەڵەبجە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان:

سەبارەت بە مێژووی پەرەسەندنی ناوی هەڵەبجە، دەبێت لە ناوەڕۆکی ئەو نوسینە مێژوویانە وردبینەوە کە ناوی ئەم شارەیان بە هەر هۆکارێك هێناوە یاخود باسیان کردووە، هەروەك سەرنج لە زمانی ئەو سەرچاوەکانیش بدەین کە ئەمەی دواتریان زۆر گرنگ و پڕ بایەخە و دەتوانێت لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکە دەرگای زۆر سەرنج و تێبینیمان بۆ بخاتە سەر پشت و وەڵامی زۆریك لە پرسیارەکانی ئێمە بداتەوە.

هەڵەبجە لە مێژوودا بە چەند شێوازێك ناوی هاتووە و تۆمار کراوە کە ئەوانیش بریتین لە: (البجە، الیجە، حاڵپاشا، گوڵعەنبەر(گوڵعەمبەر)، هلبجە، هەڵەبجە، صدامیە حلبجە، هەڵەبجەی شەهید یان هەڵەبجەی کۆن)، لێرەدا بە پێویستی دەزانین شرۆڤەی یەك بەیەکی ئەو

شێوازانە و هۆکارەکانی پشت ناوهێنانی هەڵەبجە بەو شێوانە بکەین:

یەکەم/ الیجە: هەندێك جار لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا ناوی هەڵەبجە بەشێوەی (الیجە) هاتووە(١٥).

دووەم/ ئەڵەبچە(البچە): خورشید پاشای نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ دیاریکردنی هێڵی سنووری نێوان عوسمانی و ئێران (١٨٤٢) کە ناوی هەڵەبجەی بەشێوەی (البچە) هێناوە(١٧)، هەروەها شەمسەدین سامیش(١٨٩٦) کاتێك باسی گوڵعەنبەر دەکات دەڵێت: (قەزایەکی گەورەیە، لەوپەڕی باشووری خۆرهەڵاتی لیوا و ویلایەت، لە لیوای سلێمانی و ویلایەتی موسڵ..... لە سنووری ئێراندایە، دێی ئەڵەبچە، ناوەندی ئێستای قەزاکەیە...)(١٨).

چوارەم/ علوجە: لە ساڵنامەی(١٢٧٤کۆچی) دەوڵەتی عوسمانیدا کاتێك ناوی ناوچەکانی لیوای سلێمانی دەهێنێت ناوی هەڵەبجە بەشێوەی (علوجە) هاتووە(١٩).

پێنجەم/ حاڵپاشا: تائێستا لە یەك سەرچاوەی مێژوویدا ئەم شێوازە بەرچاوکەوتووە، ئەم حاڵەتەش بەبڕوای ئێمە زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە، لەوکاتەدا کە محەمەد پاشای جاف کە قایمقامی هەڵەبجە بووە و نوسەریش لەبری ناوی قەزاکە خۆی ناوی قایمقامەکەی هێناوە، حەمە و پاشاکەی داوە لە یەك و بەشێوەی (حاڵپاشا) تۆماری کردووە، نوسەری ئەم بابەتە لە باسی قەزای گوڵعەنبەردا دەڵێت: گوڵعەنبەر قەزایەکە سەر بە سەنجەقی سلێمانی و سەر بە ویلایەتی موسڵ....، مەڵبەندی قەزاکەش گوندی (حاڵپاشا)یە....هتد)(٢٠).

شەشەم/ گوڵعەنبەر(کلعنبر): هەڵەبجە لە دوای بوونی بە قەزا لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئیدی لە ساڵنامە و تۆمارە فەرمییەکانی حکومەتدا بەشێوەی قەزای گوڵعەنبەر(کلعنبر قضاسی) ناوی دەبرا و دەنوسرا، لەم ڕووەوە بەڵگەکان ئێجگار زۆرن(٢١).

حەوتەم/ البجە(ئەڵەبجە): ئەم شێوازە نوسینەی ناوی هەڵەبجە لە هەموو شێوازەکانی دیکە بەربڵاوتر و باوتر بووە، بەشێوەیەك ئەم حاڵەتە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە هەتا کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەم بە دەیان و سەدان دەستنووس و سەرچاوەی مێژوویی ناوی هەڵەبجەیان بەمشێوە هێناوە و نوسیوە(٢٢) ، لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە ژمارەیەك بەڵگەنامە و سەرچاوەی مێژوویی جۆربەجۆر بکەین:

١. مامۆستا محەمەد علی قەرەداغی ئاماژەی بە ژمارەیەك دەستنووسی سەردەمی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی(٢٣) کردووە کە مێژووەکەیان بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە تا ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە ناوی هەڵەبجە بەشێوەی(البجە) نوسراوە(٢٤) ، هەروەها ناوی یەکێك لە خوێندکارەکانی شێخ عەبدوڵلا بەشێوەی (ملا احمد الالبجي) نوسراوە، هەروەك لە وەقفنامەیەکی سەحیحی بوخاری کە ئەحمەدبەگی کوڕی خالید پاشا وەقفی کردووە لەسەر شێخ عەبدوڵلای خەرپانی و کوڕەکانی دیسان ناوی هەڵەبجە بەشێوەی (البجە) هاتووە، ئەمەش ناوەڕۆکی بەڵگەکەیە کە بە زمانی فارسییە:

چونکە امیر روشن ضمیر احمد بیگ، ابن المرحوم خالد پاشا مجبول برتقرب باب جناب الهی است، لاجرم وقف موجوب تقرب است، لهذا ان جلد کتاب بخاری مبارگ بر عالیجناب مقدس القاب شیخ عبدالله واولاده الاعم فالاعلم، باحسان مرحوم مبرور مغفور رضوان ارامکاهه، سلیمان بیگ وقف صحیح شرعی نمود بشرط لاتباع ولا توهب ولا یتصرف فیه تصرف الاملاك ((فمن بدله بعد ما سمعه، فانما اثمه على الذين يبدلونه)).

ختم

الحقیر المدرس فی قریة البیارة

ختم

القاضی بالبجە(٢٥)

٢. ژمارەیەك لە نامەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی(١٧٧٩-١٨٢٧) کە مێژووەکەیان بۆ بەر لە بەجێهێشتنی یەکجاری شاری سلێمانی (١٨٢٠/١٠/٢٠)(٢٦) دەگەڕێتەوە دیسان ناوی هەڵەبجە بەشێوەی (البجە) هاتووە و نوسراوە، ئەمانەش ناوەڕۆکی نامەکانن:

**نامەی یەکەم/ بۆ (احمد بیگ البجە):**

میر جلیل الشأن را بە مدد روحانیت اولیای کرام حوالە می نمایم کە در دین و دنیا یار و مددکارش باشند. درویش محمد دارندە مرد مسکین وبی نواست. یکی از ملازمان سرکار، دو زوج کفش را بی تقریب از او گرفتەاند. مأمول است کە قدغن فرمودە باز بە (مومی الیە) عائد شوند کە دل بیچارگان را شکستن میمنت ندارد. ((لهذا))، بە مقام تصدیع درامدە ایشان را سرحساب نمودیم. دگر مختارند. والسلام.

**نامەی دووەم/ بۆ (احمد بیگ البجە):**

حق (سبحانە وتعالی)، ات حمیدە صفات برادر دینی، احمد بیگ را بە توفیقات دارین موفق داراد!

سبب بە بقیەی کە بر یفەی ((کمانگر)) باقی ماند است، وقدغن نمودەاند کە غلەی اوها را کوفتە، عائد سرکار نمایند، عالی جناب ملا محمد را هم در ان جمع داخل نمودەاند، باوجود کە ((مومی الیە)) علاوی علم وصلاحیت کە دارد کمانگرها کریختەاند واو نگریختە است، وپیشتر هم داخل زمرەی اهل تجریم نبودەاند.

اگر تنها عالی جناب((مومی الیە)) را بنا بە خاطر این مسکین از این تکلیف عفو فرمایند، در حق شما بد نخواهند بود. دو کلمە را بە کاربدست ((البجە)) نوشتە کە متعرض قوت(مومی الیە)) نشوند. والسلام.

**نامەی سێیەم/ بۆ یەکێك لە دۆستەکانی نوسیوە**

جناب رب الارباب، وحزەت ایزد فیض بخش وهاب وجود مسعود صاحب مطاعم را در حزر الامان خود محفوظ دارد. چونکە محمد(بیاویلەئی) بر خاتری شریف پوشید نیست مرد بسیار مستحق است. وبغیر حق میخواهند تمام قوت امسال او را از دست او بگیرند، در ان باب دو کلمەای بە احمد بگ میر البجە نوشتە شدە است. عنایت فرمودە (بأی وجە کان) تذکرەء ازو گرفتە کە کاربدست البجە متعرض او نشود. اگر چنانچە خاطر ما وشما رانگیرد دگر مختار است. والسلام(٢٧).

سێیەم/ لەوە بەدواش ئێمە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر نوسینمان بەرچاو دەکەوێت کە بەو جۆرە ناوی هەڵەبجەیان نوسیوە لەوانە خوشید پاشای نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ دیاریکردنی سنووری عوسمانی ئێرانی لە ساڵی(١٢٥٨ك/١٨٤٢-١٨٤٣ز)، بەهەمان شێوە ناوی هەڵەبجەی بەشێوەی (البجە) هێناوە(٢٨).

چوارەم/ هەروەها لە نوسینێکدا کە پێدەچێت هەر هاوکاتی نوسینەکەی شەمسەدین سامی بێت دەڵێت: گوڵعەنبەر قەزایەکی گەورەیە سەر بە سەنجەقی سلێمانی و سەر بە ویلایەتی موسڵە و کەوتووەتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتەکەوە...... مەڵبەندی قەزاکەش گوندی (البجە) یە.....هتد)(٢٩).

چوارەم/ مێجەرسۆنیش کاتێك باسی هەڵەبجە دەکات دەڵێت: (ئەڵەبجە یان وەك کوردەکان دەڵێن هەڵەبجە...)(٣٠).

شەشەم/ عەلی ئەکبەرخانی سنجابیش کە لە کۆتا ڕۆژەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا لە هەڵەبجە بووە، لە باسی بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانەیدا چەند جارێك ناوی هەڵەبجەی نوسیوە و دیسان ئەویش بەشێوەی (البجە) ئەو ناوەی تۆمار کردووە(٣١).

حەوتەم/ کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف بە دەیان جار ناوی هەڵەبجەی هێناوە و لە هەموو جارەکانیشدا ناوی هەڵەبجەی بەشێوەی (ئەڵەبجە) نوسیوە(٣٢).

هەشتەم/ ئەم حاڵەتە وەك گوتمان تا کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەم هاتووە، بەنمونە ڕۆژنامەکانی ئەو قۆناغە بە دەیان بابەتیان لەسەر هەڵەبجە تێدایە کە زۆربەی زۆریان ناوی هەڵەبجەیان بەوشێوەیە نوسیوە(٣٣).

پێنجەم/ هلبجە: ئەم شێوازە لە نوسینی ناوی هەڵەبجە زیاتر لەنێو هەندێك لە بابەتەکانی ڕۆژنامەکانی (پێشکەوتن و ژیانەوە)دا بەرچاو دەکەوێت، ئەم حاڵەتەش پەیوەندی بە گەشەسەندنی ڕێنووس و زمانی کوردییەوە هەیە(٣٤)، ئەوەش دوا ئەڵقەی پەرەسەندنی شێوازی نوسینی ناوی ئەو شارەیە.

شەشەم/ هەڵەبجە(٣٥): لە بیستەکان و زیاتریش لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە ئیدی وشە و ناوی هەڵەبجە ئەم مۆرکەی ئیستای لەخۆیگرت و جێگیر بوو، لێرە بەدواوە ئەم شێوازە لە ڕێنوسی ناوی (هەڵەبجە) لە فەرهەنگی زمانەوانی کوردیدا بوو بە جێگرەوەی

هەموو شێوازەکانی دیکەی پێش خۆی.

حەوتەم/ صدامیه حلبجه: بە چەند مانگێك دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، بە مەرسومێکی کۆماری شاری هەڵەبجە هەڵوەشایەوە و لەبری ئەو فەرمانی دروستکردنی شارێکی تری وەك جێگرەوەی هەڵەبجە دەرکرد، شارە نوێیەکە کە سەرەتا ناحیە بوو دواتر کرا بە قەزا ناونرا (صدامیه حلبجه)(٣٦) ، ئەم ناوە( لە ئەدەبیاتی حکومەتی عێراقدا) بەردەوام بوو هەتا دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١، دواتر خەڵك خۆبەخۆ شارە نوێیەکەی ناونا هەڵەبجەی تازە....

هەشتەم/ هەڵەبجەی شەهید یان هەڵەبجەی کۆن: بەهەمان شێوە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ و گەڕانەوەی خەڵکی بۆ شارەکە و ئاوەدانکردنەوەی، هەتا ئێستاش لەناو خەڵکیدا هەڵەبجە بە (هەڵەبجەی شەهید) و (هەڵەبجەی کۆن) ناودەبرێت، تەنانەت پاشگری (شەهید)ەکە چووەتە نێو نوسراو و تۆمارە فەرمییەکانی حکومەتەوە و بووە بە ئەمری واقیع.

لێرەدا پێویستە چەند سەرنج و تێبینییەك لەسەرکۆی ئەو بابەتەی سەرەوە بخەینە ڕوو، بۆئەوەی خوێنەر لە بەر ڕۆشنایی ئەم سەرنجانەدا زیاتر بەرچاو ڕوون بێت و لە بابەتەکە تێبگات، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم/ زمانی بێگانەکان: بێگانەکان و ئەوانەی کورد نەبوون جا چ کوردناسەکان و گەڕیدە و مسیۆنێر و پیاوە سیاسی و سەربازییەکان بن یاخود ئەوانەی کە فەرمانبەری میری بوون و کورد نەبوون، لەبەرئەوەی زمانیان کوردی نەبووە زۆرجار ناوی شار و شاخ و هەرێمەکانی کوردستانیان بە هەڵە نوسیوە، ئەم حاڵەتە زۆر دیار و بەرچاوە و نمونەی زۆر لەم ڕووەوە هەیە، کەواتە نوسینی ناوی هەڵەبجەش بەشێوازی جۆراوجۆر شتێکی سرووشتییە و ڕیزپەڕ نییە لەو حاڵەتانە.

دووەم/ پەرەسەندنی زمان و ڕێنووسی کوردی: لەگەڵ پەرەسەندنی زمان و ڕێنوسی کوردیی و بەکارهێنانی لە نوسین و بڵاوکراوەکاندا، بەتایبەتی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبەکاندا ئیدی نوسینی ناوی شار و هەرێمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و وردەوردە شوێنی خۆیان گرتووە تاگەیشتووە بەوشێوازەی کە ئەمڕۆ دەنوسرێن(٣٧). ع.ع. شەونم پێیوایە، گۆڕانکاری لە ناوی شار و شوێن و هەرێمەکانی کوردستاندا شتێکی سرووشتییە، چونکە بەپێی زانستی زمان هەموو (٥٠٠)ساڵ جارێك چارەکێکی زمان دەگۆڕێت، بەوپێیەش هەموو (٢٠٠٠) ساڵ جارێك کۆی زمانەکە دەگۆڕێت(٣٨).

سێیەم/ شێوازی ئاخاوتنی جافی: ئەوە ڕاستە کە هەرگەلێك زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام هەر ئەوەش ڕاستە کە هەر زمانێك خاوەنی چەندین شێوەزار و دیالێکتی جیاوازە و ئەوەش دەوڵەمەندی ئەو زمانانە دەردەخات، ئەگەرچی ئەم حاڵەتەیان بە ئەندازەی سوود زیانیشی بۆ کوردەکە هەبووە، شێوازی ئاخاوتنی جافیانە کە سەر بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە هەندێك تایبەتمەندی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە شێوازی ئاخاوتنی هەمان ئەو خەڵك و ناوچانەی کە لەسەر دیالێکتی ناوەڕاست ماڵن، ئەوەش شتێکی ئاساییە بۆ هەر زمانێك، جافەکان وەك چۆن زۆر وشە و دەربڕینیان بۆ گوزارشت کردن لە شتەکان و کار و کردەوەی ڕۆژانەیان لەناوچەکانی دیکە جیاواز بووە، هەر بەوشێوەش هەندێك پیتیان لەبری هەندێکی تر بەکارهێناوە بەشێوەیەك لەگەڵ شێوازی ئاخاوتنی خۆیاندا بگونجێت، ئەوان پیتی(الف)یان دەکرد بە(ە)، بەنمونە (ئومێد= هومێو ، ئەستێرە = هەسارە، ئەوەڵ=هەوەڵ...هتد) گۆ کردووە و دەربڕیوە(٣٩) ، لەبەرئەوە شتێکی سرووشتیش بووە بۆ گۆڕانکاری کردن لەناوی هەڵەبجەدا، وەك ئەوەی مێجەرسۆن دەڵێت:"ئەڵەبجە یان وەك کوردەکان دەڵێن هەڵەبجە(٤٠)" ، بێگومان مەبەستی لە کوردەکان عەشیرەتی جاف بووە، چونکە زۆرێك لە کوردناسەکان جافەکانیان بە کوردی ڕەسەن ناوبردووە، ئەگەر ئەوەش بزانین زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی هەڵەبجە لە جافەکان پێکدەهاتن، بەوتەی ئەدمۆنس جافەکان بەلایەنی کەمەوە سێ لەسەر چواری ڕێژەی دانیشتوانی ئەم قەزایەیان پێکدەهێنا(٤١).

## ئەنجام

ناوە مێژووییەکان بەتایبەتی ناوی هەرێم و شار و گوند و چیا و ڕووبارەکانی کوردستان لە ڕابردوودا گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتووە، بەوپێیەی ئەمانیش بەدەر نەبوون لەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە، حوکمڕانی کوردستان زۆر و جۆراو جۆربوون، هەروەك زمانی ئاخاوتن و فەرمی دەوڵەتیشیان جیاواز بووە، بەشێوەیەك زۆربەی جار لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکە ڕەسەنەکەی ناوچەکە جیاواز بووە. هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ناوچەکەدا هاتووە کاریگەری لەسەر ناوی هەرێم و ناوچەکان داناوە، لەلایەك بەهۆی جیاوازی زمانی حکومڕانانی کوردستان و گۆکردن و شێوازی نوسینی ناوی ناوچەکان، لەلایەکی دیکەوە شەڕ و ململانێکان زۆرجار بەکارەساتی گەورە کۆتاییان هاتووە بەشێوەیەك هەندێك لەو شەڕانە بوونەتە هۆی سڕینەوەی دەیان و سەدان گوند و شاری ئەو ناوچانەی کە بوونەتە گۆڕەپانی جەنگەکان، ئەگەر ئەوەش بزانین لە زۆرێك لە شەڕ و جەنگەکانی ڕابردوودا سیاسەتی خاکی سوتاو پەیڕەو کراوە، لەو حاڵەتانەشدا دانیشتوانی شار و ناوچەکە بەشێکیان بوونەتە قوربانیی و ئەوی دیکەی ناوچەکەی خۆی جێهێشتووە و ئاوارەی ناوچە و هەرێمەکانی دیکەبووە(بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا ئێمە دەتوانین دەیان و سەدان نموونەی لەم شێوەیە لە مێژووی دوورونزیکی خۆماندا ببینینەوە) ساڵانێك دواتر یان خەڵکە ڕەسەنەکە یاخود خەڵکێکی دیکە هاتوون ئەو ناوچەیان سەرلەوێ ئاوەدانکردووەتەوە، زۆرجاریش وا هەڵکەوتووە خەڵکە نوێکە ناوێکی دیکەیان بۆ ناوچەکە داناوە یاخود گۆڕانکارییان لەناوە ئەسڵییەکەدا کردووە.

لە پاڵ ئەو هۆکارانەدا پەرەسەندنی زمان یەکێکی دیکە بووە لە هۆکارەکانی گۆڕانکاری کردن لە ناوی شار و هەرێمەکان، ئەمەش حاڵەتێکی سرووشتییە و لەناو هەموو میللەتانی دنیادا ئەم دیاردە بەدی دەکرێت. هەرچی سەبارەت بەناوی هەڵەبجەیە وەك لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە ئەو هۆکارانە و گەلێك هۆکاری دیکەش بەدی دەکرێت لە بابەتی کاریگەردانان لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ناوی شارەکەدا هاتووە، ڕوونتر بڵێین هەمیشە ناوی شارەکە مەحکوم بووە بە گۆڕانکارییە مێژووییەکان، بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین شانبەشانی گۆڕانکارییە سیاسیی و زمانەوانییەکان گۆڕانکاری بەسەر شێوازی نوسین و گۆکردنی ناوی شارەکەدا هاتووە هەتا گەیشتووە بەو شێوازەی ئەمڕۆی. خودی توێژینەوەکەش قامك ڕاکێشان و سەرنجدانە لەسەر ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر ناوی شارەکە داناوە، هەروەك ساغکردنەوەی ئەوەی کە ناوی هەڵەبجە لە چییەوە هاتووە و ئەو گۆڕانکارییانە چین بەسەریدا هاتوون.

## پەراوێزەکان

١.خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بەشی(١و٢)، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ٦٩ ؛ د.حسام الدين النقشبندي: المدن القديمة المندرسة في محافظة السليمانية وتعيينيه مواقعها، مجلة (كاروان)، العدد(٣٤) ١٩٨٥، ص١٥١.

٢.حەبیبوڵلای تابانی: هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد، و.جەلیل گادانی، ب١، چ١، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٤، ل١٦٠.

٣.جەمال بابان: ئەم ناوانە لە چییەوە هاتوون، گۆڤاری(زانیاری)، ژ(١)، ١٩٧٠، ل١٠١.

٤.میر شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و.مامۆستا هەژار، چ٣، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٣٥-١٣٦ ؛ محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، ب٣، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٣-٢٤.

٥.محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی، ل٢٤.

٦.بڕوانە: میر شەرەفخانی بەدلیسی: س.پ، ل١٣٦، پ١ ؛ مذكرات مأمون بك بن بيگ بك، ت.محمد جميل الروژبياني و شكور مصطفى، مطبعة المجمع العلمى العراقي، بغداد، ١٩٨٠، ص١٧، پ١٦.

٧.خولاصەیەکی تەریخی، ل٢٠٨، پ٨.

٨.جمال بابان: اصول اسماء المدن وامواقع العراقية، ج(١)، مطبعة المجتمع العلمي الكردى، بغداد، ١٩٧٦، ص١٤٦-١٤٧ ؛ حەکیم مەلا ساڵح: هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، ب١، چ١، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٤، ل٣٧ ؛ بەکر حەمەصدیق عارف: لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە(١٧٠٠-١٩٥٨)، چ٢، چاپخانەی گەنج، ل٦.

٩.حەکیم مەلا ساڵح: س.پ، ل٣٧ ؛ بەکر حەمەصدیق عارف: س.پ، ل٦.

١٠.چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ع.ع.شەونم(عەلی عەبدوڵلا)، سلێمانی، ٢/١٦ /٢٠١٥.

١١.جمال بابان: اصول اسماء، ص١٤٧ ؛ جەمال بابان: ئەم ناوانە، ل١٠٢ ؛ جەمال بابان: یا عەبابەیلێ بەرەو ڕووت هاتم هەڵەبجە خۆشەکەی گوڵی وڵاتم، ڕ(کوردستانی نوێ)، ژ(٣٩٤٠)، ٢٠٠٦/٤/١١.

١٢.مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، و.مینە، چ١، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٥١.

١٣.بڕوانە: حەکیمی مەلا ساڵح: س.پ، ل١٢-١٣ ؛ بەکر حەمەصدیق عارف: س.پ، ل١٣ ، ٢١.

١٤.مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٨.

١٥.یا عەبابەیلێ.

١٦.بڕوانە سامان سەلاح: هەڵەبجە لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانیدا، گ(خاڵ)، ژ(١٢)، ل١١١.

١٧.خورشيد باشا: م.س، ص٢٩٠.

١٨.قامووسولئەعلامی شەمسەدین سامی: کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، و.ئەحمەد تاقانە، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٦٨.

١٩.سالنامه ١٢٧٤کۆچی، ل١١٩ ؛ سالنامه ١٢٨٠کۆچی، ل١٨٦.

٢٠.کوردستان لە چاپکراوە عوسمانییەکاندا، و.فەیسەڵ دەباغ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤، ل١٣٥.

٢١.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ساڵنامەی ویلایەتی بەغداد(١٢٩٢کۆچی)، دفعە١، مطبة ولايت بغداد، ل١٠٠، ١٣١، ١٥٦ ؛ ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ: ١٣٠٨ك، ل١٥٢-١٥٣، ١٣١٠ك، ل٢١٥، ١٣١٢ك، ل١٨٤ ؛ ١٣٢٥ك، ل٢٢٩ ؛ سالنامه دولة عليه عثمانية، ١٣٢٣ك، ل٩٦٩ ؛ سالنامه دولة عليه عثمانية، سلانيك مطبه سى، ١٣٢٨ك، ل٨٠٧ ؛ سالنامه دولة عليه عثمانيه(١٣٣٣-١٣٣٤)، هلال مطبةسى – باب عالى قارشوسنده، ١٣٣ ل٧٠٢ ؛ عبدالفتاح على يحى: سالنامات الموصل العثمانية مصدرا لدراسة تاريـخ السليمانية، مجلة جامعة دهوك١، العدد(٢)، ٢٠٠٠، ص٤٧ ؛ عبدالعظيم عباس نصار: بلديات العراق فى لاعهد العثمانى(١٥٣٤-١٩١٨)، ط١، المكتبة الحيدرية، ٢٠٠٥، ص٢٦١ ؛ قامووسولئەعلامی شەمسەدین سامی، ل٢٠٨-٢٠٩، ٢٦٨،٣٠٨ ؛ کوردستان لە چاپکراوە عوسمانییەکاندا، و.فەیسەڵ دەباغ،

چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤، ل١٣٥ ؛ حسين نازم: مێژووی میرایەتی بابان، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣،ل٤٨ ؛ د.عبدالعزيز سليمان نوار: تاريخ العراق الحديث من نهاية حكم داود باشا الى نهاية حكم مدحت باشا، دارالكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨، ص٣٥٨ ؛ محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، ب٣، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٨، ١٥٣.

٢٢. محمد علی قرداغی: الشيخ عبدالله الخرباني من خلال مخطوطات مكتبته، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٤ص٢٥٧، ٢٦٥، ٢٧٢.

٢٣. شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی کوڕی شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ محەمەدی کۆیە، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی تەکیەی ناوچەی قەرەداغە، شێخ محەمەد دوای ژنهێنانی ڕوویکردووەتە گوڵعەنبەر(خورماڵی ئێستا)، هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە و گۆڕەکەشی لە نزیك گوندی ئەحمەدئاوایە. لە دوای خۆی شێخ ئیسماعیلی کوڕی چووەتە گوندی خەرپانی ناوچەی هەورامان و لەوێ نیشتەجێ بووە، شێخ عەبدوڵڵای کوڕی هەر لەو گوندەدا لەدایکبووە، ئەگەرچی ساڵی لەدایکبوونەکەی بە دروستی نازانرێت، بەڵام بەوپێیەی کە نزیکەی (١٠٠)سەد ساڵ ژیاوە و لە ساڵی ١٢٥٤ك كۆچی دوایی کردووە، دەبێ لە دەوروبەری ساڵی ١١٥٥ك لەدایکبووبێت. سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی دەستپێکردووە، دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕوویکردووەتە شارەکانی هەڵەبجە و کەرکوك و هەولێر و خۆشناو و چەند شوێنێکی تر، لە پاش تەواوکردنی خوێندن ئیجازەی مەلایەتی لەلای سەید خضری حەیدەری مامی صیبغەتوڵڵای حەیدەری بەناوبانگ وەرگرتووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ گوندی خەرپانی و دەستیکردووە بە کاری وانەوتنەوە. لەبەرئەوەی زانایەکی لێهاتوو بەتوانا بووە ژمارەیەکی زۆر لە فەقێ و مەلاکانی کوردستان لەوانە: مەلا یوسفی تەشاری، مەلا یاسینی تەوێڵەیی، مەلا محەمەد زەهاوی کە دواتر بوو بە موفتی عێراق، مەلا خدر(نالی)و مەولانا خالیدی نەقشبەندی ڕوویان تێکردووە و دەرسیان لەلا خوێندووە، میرانی بابانیش هاوکارییەکی گەورەی ماددی و مەعنەوییان کردووە. مەلا عەبدوڵڵا نزیکەی حەفتا ساڵ بە کاری وانەوتنەوەوە خەریکبووە، هاوینان لە گوندی خەرپانی بووە و زستانانیش لە هەڵەبجە دادەنیشتووە. لە پاش کۆچی مەولانا خالید بۆ شاری بەغدا بۆماوەی (٥.٤) ساڵ لە مزگەوتی خانەقای شاری سلێمانیدا کاری مەلایەتی و وانەوتنەوەی ئەنجامداوە، هەر لەو ماوەیەدا کە لە شاری سلێمانی بووە ئیجازەی مەلایەتی لە شێخ مارفی نۆدێی هاوچەرخ و هاوڕێی خۆی وەرگرتووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ گوندی خەرپانی.

مەلا عەبدوڵڵا هاوسەردەمی: مەلا جەلالی خورماڵی، مەلا ئیبراهیمی بیارە، مەلا ساڵحی تەرەماریی، ئیبنوئادەمی باڵەکی، مەلا محەمەدی ئینولحاجی جێشانەیی، شێخ حەسەنی گڵەزەردە...هتد بووە، کە هەریەکەیان زاناو هەڵکەوتوویەکی بە توانای سەردەمی خۆیان بووە. مەلا عەبدوڵڵا لە ٢٠ی ڕەجەبی١٢٥٤ك هەر لە گوندی خەرپانی کۆچی دوایی کردووە و هەر لەو گوندەش بە خاك سپێردراوە. بڕوانە: (عبدالكريم محمد المدريس: علماؤنا في خدمة العلم وادين، عيى بنشره محمد علی القرداغي،ط١، ١٩٨٣، ص٣٣٨.٣٤٠ ؛ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: بنەماڵەی زانیاران، ئامادەکردنی محەمەد عەلی قەرەداغی، چ١، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، ١٩٨٤، ل١٩١-١٩٧ ؛ محمد علی قرداغي: الشيخ عبدالله الخرباني، ص٢٣٩-٢٧٥).

٢٤. محەمەد عەلی قەرەداغی: بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ب٢، چ١، مطبعة السامی، بغداد، ١٩٩٩، ل١٦-١٧، ٣١.

٢٥. محمد علی قرداغي: الشيخ عبدالله الخرباني، ص٢٥٧، ٢٦٥.

٢٦. بەپێی گێڕانەوەکانی کلۆدیۆ جیمس ڕیچ مەولانا لەو بەروارەدا بەیەکجاری سلێمانی بەجێهێشتووە، مەولاناش دوو لە نامەکانی بۆ ئەحمەدبەگی فەرمانڕەوای هەڵەبجە نوسیوە، نوسینی ئەو نامانەش دەبێ بەر لە جێهێشتنی سلێمانی بێت، واتە مێژووی نوسینی ئەو نامانە بۆ نێوان ساڵانی ١٨١١ کە مەولانا لە هیندستان گەڕاپەوە هەتا جێشتنی سلێمانی لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە، مەولانا لەو نامانەدا ناوی هەڵەبجەی بەشێوەی (البجه) نوسیوە. (کلۆدیۆس جیمس ڕیچ: گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و.محەمەد حەمەباقی، چ١، تەبرێز- ئێران، ١٩٩٢، ل٣٢٢ ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی – خالیدی(مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی)، و.هەڵکەوت حەکیم، ب٢، چ١، چاپخانەی ئاراس،

٢٠٠٩، ل٣٨، ٥٩).

٢٧.مكتوبات مولانا خاليد، الشيخ المجدد مولانا خالد النقشبندى الشهرزورى، جمع وترتيب محمد على قرداغى، ط١، بيروت، ٢٠١٥، ص١٥٧-١٥٨ ؛ مەلا عەبدولكەريمى مودەڕيس: يادى مەردان(مەولانا خاليدى نەقشبەندى)، ب١، چ٢، چاپخانەى ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل١٢٢، ٢٤١.

٢٨.خورشيد باشا: رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران، ت.مصطفى زهران، ط١، قاهرة، المركز القومى للترجمة، ٢٠٠٨، ص٢٩٥،٢٩٢.

٢٩.كوردستان لە چاپكراوە، ل١٣٥.

٣٠.سلێمانى ناوچەيەك، ل٥٢ ؛ رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين و كردستان ، ت.فؤاد حمه خورشيد، ج١، ط١، ١٩٧٠، ص٢٧٢.

٣١.د.كريم سنجابى: ايل سنجابى ومجاهدت ملى ايران، تهران، ١٣٨٠شەمسى، ص٥٣١-٥٤٤.

٣٢.كەريم بەگى فەتاح بەگى جاف: تەئريخى جاف، لێكۆڵينەوەى د.حەسەن جاف، چ١، ١٩٩٥، ل١٠٣-٢٠٦.

٣٣. بەنمونە بڕوانە: ڕۆژنامەكانى: پێشكەوتن، ژ(١)، ١٩٢٠/٤/٢٩، ژ(٤)، ١٩٢٠/٥/٢٠، ژ(٩)، ١٩٢٠/٦/٢٤ ، ژ(١٣)، ١٩٢٠/٧/٢٢ ، ژ(٦٢)، ١٩٢٠/٦/٣٠، ژ(٦٥)، ١٩٢١/٧/٢١، ژ(١١١)، ١٩٢٢/٦/٨ ؛ ژيانەوە، ژ(٣)، ١٩٢٤/٩/١١ ، ژ(٤)، ١٩٢٤/٩/١٥، ژ(٦)، ١٩٢٤/١٠/٣ ، ژ(٧)، ١٩٢٤/١٠/١٧، ژ(١٨)، ١٩٢٥/٢/٢٥، ژ(٢٦)، ١٩٢٥/٥/١٤ ، ژ(٣٣)، ١٩٢٥/٧/٣٠ ، ژ(٥١)، ١٩٢٥/١٢/٣ ؛ بانگى كوردستان، ژ(١٠)، ١٩٢٢/١٠/١٥، ل٤ ، ژ(٣)، ١٩٢٢/٨/٢١، ل٣ ، ٥ ، ژ(٤)، ١٩٢٢/٨/٢٨، ل٥-٦ ؛ اميدى استقلال، ژ(٢٥)، ١١ى شەوالى ١٣٤٢، ل١-٢.

٣٤.بەنمونە بڕوانە: ڕۆژنامەكانى: پيشكەوتن، ژ(٧)، ١٩٢٠/٦/١٠، ل٣ ، ژ(٣٠)، ١٩٢٠/١١/١٨، ل٤ ، ژ(٤٠)، ١٩٢١/١/٢٧، ل٤ ؛ ژيانەوە، (٢٥)، ١٩٢٥/٤/٣٠، ل٢.٣ ، ژ(٥٦)، ١٩٢٦/١/١٤، ل١.٣.

٣٥. ئەوەى جێگاى سەرنج و تێڕامانە ڕيچ لە ياداشتەكانيدا(١٨٢٠) ناوى هەڵەبجەى بەشێوەى (Hallebjee) نوسيوە، ئەوەش تاكە سەرچاوەيەكە لەنێو تەواوى ئەو سەرچاوانەى كە ئێمە بەرچاومان كەوتووە و لەم توێژينەوەيەدا بەكارمان هێناوە كە بەوشێوەيە ناوى هەڵەبجەى نوسيبێت و هێنابێت. بڕوانە:

Claudius James Rich :Narrative of a residence in Koordistan, Vol.I, London, p١٠٥-١٠٦, ٢٩١-٢٩٢.

٣٦.بڕوانە: مراسيم جمهورية، رقم (١٠٤٧)، ١٩٨٨/١٠/١٠ ؛ مراسيم جمهورية، رقم(٣١١)، ١٩٨٩/٦/٢٨ ؛ د.عبدالله غفور: التشكيلات الأدارية في جنوب كردستان (١٩٢١-٢٠٠٧)، ط٢، اربيل، ٢٠٠٨، ص١٢٧،١٢٨.

٣٧.بڕوانە ڕۆژنامەكانى (تێگەيشتنى ڕاستى، پيشكەوتن، بانگى حەق، بانگى كوردستان، ئومێدى ئيستيقلال، ژيانەوە، ژيان، ژين...هتد) و گۆڤارەكانى (گەلاوێژ، نزار....).

٣٨.چاوپێكەوتنى توێژەر لەگەڵ ع.ع.شەونم.

٣٩.حەكيم مەلا ساڵح: س.پ، ل٣٨.

٤٠.سلێمانى ناوچەيەك لە، ل٥٢.

٤١.كورد تورك عەرەب، و.حاميد گەوهەرى، چ٢، دەزگاى چاپ و بڵاوكراوەى ئاراس، ٢٠٠٣، ل١٨٢.

## سەرچاوەكان

### یەكەم/ بەڵگەنامەكان:

.مراسيم جمهورية، رقم (١٠٤٧)، ١٩٨٨/١٠/١٠.

.مراسيم جمهورية، رقم(٣١١)، ١٩٨٩/٦/٢٨.

### دووەم/ كتێب:

### .كوردی:

.بەكر حەمەصديق عارف: لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە(١٧٠٠-١٩٥٨)، چ٢، چاپخانەی گەنج.

حەبیبوڵلای تابانی: هاونەتەوەیی قەومی كورد و ماد، و.جەلیك گادانی، ب١، چ١، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٤.

.حەكیم مەلا ساڵح: هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، ب١، چ١، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٤.

.حسين نازم: مێژووی میرایەتی بابان، بڵاوكراوەی بنكەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣.

.ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی – خالیدی(مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی)، و.هەڵكەوت حەكیم، ب٢، چ١، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٩.

.سیسیل جۆن ئیدمۆندس: كورد تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوكراوەی ئاراس، ٢٠٠٣.

.قامووسولئەعلامی شەمسەدین سامی: كورد و كوردستان لە یەكەم ئەنسیكلۆپیدیای توركی لە مێژوودا، و.ئەحمەد تاقانە، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨.

د.عەبدولعەزیز سلێمان نوار: مێژووی نوێی عێراق لە كۆتایی حوكمی داود پاشاوە تاكۆتایی حوكمی مەدحەت پاشا، و.عوسمان عەزیز عەللاف، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢.

.كەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: تەئریخی جاف، لێكۆڵینەوەی د.حەسەن جاف، چ١، ١٩٩٥.

.كوردستان لە چاپكراوە عوسمانییەكاندا، و.فەیسەڵ دەباغ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤.

.كلۆدیۆس جیمس ڕیچ: گەشتی ڕیچ بۆ كوردستان ١٨٢٠، و.مەحەمەد حەمەباقی، چ١، تەبرێز- ئێران، ١٩٩٢.

.كوردستان لە چاپكراوە عوسمانییەكاندا، و.فەیسەڵ دەباغ، چ١، دەزگای چا پ و بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤.

.محەمەد ئەمین زەكی بەگ: خولاصەیەكی تاریخی كورد و كوردستان، بەشی(١و٢)، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

.محەمەد ئەمین زەكی بەگ: تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، ب٣، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

.مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك لە كوردستان، و.مینە، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

.مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس: یادی مەردان(مەولانا خالیدی نەقشبەندی)، ب١، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

.مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس: بنەماڵەی زانیاران، ئامادەكردنی محەمەد عەلی قەرەداغی، چ١، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، ١٩٨٤.

.محەمەد عەلی قەرەداغی: بوژانەوەی مێژووی زانایانی كورد لە ڕێگەی دەستخەتەكانیانەوە، ب٢، چ١، مطبعة السامي، بغداد، ١٩٩٩.

.میر شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و,مامۆستا هەژار، چ٣، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

**. عەرەبی:**

. سالنامه ١٢٧٤كۆچی.

. سالنامه ١٢٨٠كۆچی.

. ساڵنامەی ویلایەتی بەغداد(١٢٩٢كۆچی)، دفعه١، مطبة ولايت بغداد.

. ساڵنامەكانی ویلایەتی موسڵ: ١٣٠٨ك، ل١٥٢-١٥٣، ١٣١٠ك، ل٢١٥، ١٣١٢ك، ل١٨٤ ؛ ١٣٢٥ك.

. سالنامه دولة عليه عثمانية، ١٣٢٣ك.

. سالنامه دولة عليه عثمانية، سلانيك مطبه سی، ١٣٢٨ك.

. سالنامه دولة عليه عثمانيه(١٣٣٣-١٣٣٤)، هلال مطبةسی – باب عالی قارشوسنده، ١٣٣.

. جمال بابان: اصول اسماء المدن وامواقع العراقية، ج(١)، مطبعة المجتمع العلمی الكردی، بغداد، ١٩٧٦.

. خورشيد باشا: رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران، ت.مصطفى زهران، ط١، قاهرة، المركز القومی للترجمة، ٢٠٠٨.

. عبدالفتاح علی يحی: سالنامات الموصل العثمانية مصدرا لدراسة تاريخ السليمانية، مجلة جامعة دهوك١، العدد(٢)، ٢٠٠٠.

. عبدالعظيم عباس نصار: بلديات العراق فی لاعهد العثمانی(١٥٣٤-١٩١٨)، ط١، المكتبة الحيدرية، ٢٠٠٥.

. د.عبدالله غفور: التشكيلات الأدارية في جنوب كردستان (١٩٢١-٢٠٠٧)، ط٢، اربيل، ٢٠٠٨.

. عبدالكريم محمد المدريس: علماؤنا فی خدمة العلم وادين، عينی بنشره محمد علی القرداغی،ط١، ١٩٨٣.

. مذكرات مأمون بك بن بيط بك، ت.محمد جميل الروژبيانی و شكور مصطفى، مطبعة المجمع العلمی العراقی، بغداد، ١٩٨٠.

. ميرزا غلام حسين شيرازی(ميجرسون): رحلة متنكر الی بلاد مابين النهرين و كردستان ، ت.فؤاد حمه خورشيد، ج١، ط١، ١٩٧٠.

. مكتوبات مولانا خاليد، الشيخ المجدد مولانا خالد النقشبندی الشهرزوری، جمع وترتيب محمد علی قرداغی، ط١، بيروت، ٢٠١٥.

**. فارسی:**

. د.كريم سنجابی: ايل سنجابی ومجاهدت ملی ايران، تهران، ١٣٨٠شەمسی.

**. ئینگلیزی:**

..Claudius James Rich :Narrative of a residence in Koordistan, Volume.I, London

**سێیەم/ گۆڤارەكان:**

**. كوردی:**

جەمال بابان: ئەم ناوانە لە چییەوە هاتوون، گۆڤاری(زانیاری)، ژ(١)، ١٩٧٠.

. سامان سەلاح: هەڵەبجە لە چەند بەڵگەنامەیەكی ئەرشیفی عوسمانیدا، گۆڤاری(خاڵ)، ژمارە(١٢)، ئابی٢٠١٧.

. عەرەبی:

. د.حسام الدين النقشبندي: المدن القديمة المندرسة في محافظة السليمانية وتعيينيه مواقعها، مجلة (كاروان)، العدد(٣٤) ١٩٨٥.

. محمد علی قرداغی: الشيخ عبدالله الخربانی من خلال مخطوطات مكتبتة، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، ١٩٧٤.

**چوارەم/ ڕۆژنامەكان:**

.ڕۆژنامەی (پێشكەوتن)،

١.ژ(١)، ١٩٢٠/٤/٢٩.

٢.ژ(٤)، ١٩٢٠/٥/٢٠.

٣.ژ(٧)، ١٩٢٠/٦/١٠

٤.ژ(٩)، ١٩٢٠/٦/٢٤.

٥.ژ(١٣)، ١٩٢٠/٧/٢٢.

٦.ژ(٣٠)، ١٩٢٠/١١/١٨

٧.ژ(٤٠)، ١٩٢١/١/٢٧

٨. ژ(٦٢)، ١٩٢٠/٦/٣٠.

٩.ژ(٦٥)، ١٩٢١/٧/٢١.

١٠.ژ(١١١)، ١٩٢٢/٦/٨.

.ڕۆژنامەی (ژیانەوە)

١.ژ(٣)، ١٩٢٤/٩/١١ ،

٢.ژ(٤)، ١٩٢٤/٩/١٥.

٣.ژ(٦)، ١٩٢٤/١٠/٣.

٤.ژ(٧)، ١٩٢٤/١٠/١٧.

٥.ژ(١٨)، ١٩٢٥/٢/٢٥.

٦.ژ(٢٥)، ١٩٢٥/٤/٣٠

٧.ژ(٢٦)، ١٩٢٥/٥/١٤.

٨.ژ(٣٣)، ١٩٢٥/٧/٣٠.

٩.ژ(٥١)، ١٩٢٥/١٢/٣).

١٠.ژ(٥٦)، ١٩٢٦/١/١٤

.بانگی كوردستان:

١.ژ(١٠)، ١٩٢٢/١٠/١٥.

٢.ژ(٣)، ١٩٢٢/٨/٢١.

٣.ژ(٤)، ١٩٢٢/٨/٢٨.

.امیدی استقلال:

.ژ(٢٥)، ١١ی شەوالی ١٣٤٢.

.كوردستانی نوێ:

جەمال بابان: یا عەبابەیلێ بەرەو ڕووت هاتم  هەڵەبجە خۆشەكەی گوڵی وڵاتم، ژ(٣٩٤٠)، ٢٠٠٦/٤/١١.

پێنجەم/ چاوپێكەوتن:

چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ع.ع.شەونم (عەلی عەبدوڵلا)، سلێمانی، ٢/١٦ /٢٠١٥.